ڕەمەزان بانگ دەکات...(٢)

ئەی چاکە ویست وەرە پێشەوە ...

# چۆن

# ڕۆژووی ڕەمەزان بگرین ؟


سەنتەری ڕۆشنبیری کارا

بەشی وەرگێڕان


=====================================


لە بڵاوکراوەکانی

مالْپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار


هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ


کتێبی ژمارە ﴿١٣١﴾ لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت

# سەنتەری ڕۆشنبیری کارا

سەنتەرێکی ڕۆشنبیری و بانگەوازی ئیسلامی و گشتی هەمە لایەنە ، نا حزبی و سەربەخۆیە ، هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بۆ سەرخستنی بەها باڵاکان.

بۆ تێگەیاندنی ڕۆڵەکانی کوردستان و کورد زمان بە بیروباوەڕی ئیسلامی ڕەسەن بە پێی بەڵگە و تێگەیشتنی باشترین پێشینەکانی ئوممەتی ئیسلام.

دروست کردنی تاکی دڵسۆز و کارا بۆ خزمەتی ئیسلام و نیشتمان بۆ ئەوەی هۆکاری پێشکەوتنی وڵات و خەڵکی بن..

بەرنامەی پەرستن و کار و بانگەواز ، بۆ ئەوەی خەڵکی دڵسۆز بە بەرچاوڕوونی تێبکۆشن و هەنگاو هەڵنێن.

ڕێکردنەوەی تەوەری گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن بێ کورت هەڵهاتن و توندبوون ، تەنها بەڵگە و تاوتوێ کردنی بۆچوونەکان و یەکلابوونەوەی وتەکان و بۆچوونەکان لە ڕوانگەی بەڵگەو بنچینەکانی ئیسلام .

هەنگاونان بەرە و کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی پەیوەست بە ئاینەکەیەوە ، فراوان لە کردار و گەورە لە بیرکردنەوە و جوان لە ڕەفتاردا.

ئامانجی هەموو کارەکانیشمان تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەیە، وە پاشان خزمەت کردنی کۆمەڵگاکەمانە..

لە دوعای خێرتان بێ بەشمان مەکەن

centerkara@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

*** پێشەکی :**

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّم) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْـــدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**خوێنەری یەکخواپەرست ئەم چەند پەڕەیەی بەردەستت پێکهاتووە لە کۆمەڵێك سوودی کورتکراوە سەبارەت بە حوکم وسوننەت و ئادابی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، وە بەشێوەی گشتی پشتمان بەستووە بە ووتەی زانا بەرزو بەڕێزەکانمان، جا داواکارین لە خوا کە سوودی هەبێت بۆ هەموو موسڵمانان.**

## یەکەم : مانای ڕۆژوو

ڕۆژوو: بریتیە لە پەرستش بۆ خوای بالاّدەست، بە وازلێهێنانی هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆژووی پێ بەتاڵ دەبێتەوە لە دەرکەوتنی فەجرەوە هەتا ئاوابوونی خۆر.

## دووەم : ڕۆژووی ڕەمەزان

واجبێتی ڕۆژووی ڕەمەزان بە ئایەت وفەرموودەو یەکدەنگی زانایان جێگیرە، وە هەرکەسێك ئینکاری واجبێتی ڕۆژوو بکات ئەوا هەڵگەڕاوەیەو بێباوەڕە، دواى تۆبەی لێدەکرێت، ئەگەر پەشیمان بوویەوە ئەگەرنا دەکوژرێت بەبێباوەڕی، خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ ﴾ [البقرة] واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لەسەر فەرز کراوە هەروەکو چۆن لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوە فەرز کراوە بۆ ئەوەی لە خوا بترسن و خۆتان بپارێزن لە سزای خوا .

وە هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت" ئیسلام لەسەر پێنج بنەما دامەزراوە" کەیەکێك لەوانە " ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانە". (متفق عليه)

وە زانایانی ئیسلامیش یەکدەنگن لەسەر واجبێتی ڕۆژووی ڕەمەزان، وەلەبەر ئەوەی یەکێکە لە پایە بەرزەکانی ئیسلام، وەهەرکەسێك ڕۆژێك بەبێ بیانوو بەڕۆژوو نەبێت ئەوا سەرپێچیەك و تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە.

## سێیەم : ڕۆژوو لەسەر کێ پێویستە ؟

ڕۆژوو لەسەر هەموو موسڵمانێك واجبە، کە عاقڵ بێت و بالغ بێت و توانای ڕۆژووی هەبێت، ونیشتەجێ بێت وڕێبوار نەبێت و هیچ ڕێگریەکی نەبێت.

**چەند سوودێك:**

١- منداڵ ئەوەیە کە بالغ نەبووە ڕۆژووی لەسەر نیە، بەڵام فەرمانی پێدەکرێت لەبەرئەوەی فێربێت وخووی پێوەبگرێت.

٢- شێت ڕۆژوو و خواردن بەخشینیشی لەسەرنیە.

٣- ئەو کەسەی توانای نیە لەبەر هۆکارێکی هەمیشەیی کەچاوەڕێی چاکبوونەوەی لێنەکرێت، وەکو پیرو نەخۆشیەکی درێژخایەن کە ئومێدی چاکبوونەوەی لێناکرێت لەجیاتی هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدات.

٤- نەخۆشیەکی کوتوپڕ ، چاوەڕێی چاکبوونەوەی دەکرێت، ئەگەر ڕۆژووەکە بووبە هۆی خراپ بوونی نەخۆشیەکە زیاتر ئەوا بە ڕۆژوو نابێت و دوای چاکبوونەوەی بەقەزا ڕۆژووەکەی دەگێڕێتەوە.

٥- سکپڕوو شیردەر ، ئەگەر ڕۆژووگرتن مەترسی دروستکرد لەسەر خۆیان یان منداڵەکانیان، ئەوا بە ڕۆژوو نابن و دوای نەمانی مەترسیەکە ڕۆژووەکە بەقەزا دەگێڕنەوە.

٦- ڕێبوار ، ئەگەر ویستی بە ڕۆژوو دەبێت وەئەگەر ویستیشی بەڕۆژوو نابێت و دواتر بەقەزا دەیگێڕێتەوە.

٧- ئافرەتی حەیزدارو زەیسانی بوو ، بە ڕۆژوونابن و دواتر بەقەزا دەیگێڕنەوە.

## چوارەم :کەی ڕۆژووی ڕەمەزان فەرز کرا؟

ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان لەساڵی دووی کۆچی فەرزکرا، وە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نۆ ڕەمەزانی گرتووە.

## پێنجەم :چۆن هاتنی مانگی ڕەمەزان جێگیردەبێت؟

هاتنی مانگی ڕەمەزان بە دوو شێوە جێگیردەبێت :

یەکەم: بینینی مانگ.

دووەم: تەواوکردنی سی ڕۆژی مانگی شەعبان.

وە بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیەو ئەم فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمویێت" إذا رأيتم الهلال فصوموا، وإذا رأيتموه فافطروا، فإن غمَّ عليكم فاقدروا له" (متفق عليه) واتە: ئەگەر مانگی ڕەمەزانتان بینی ئەوا بە ڕۆژووبن، وەئەگەریش مانگی شەوالتان بینی ئەواوازبێنن لە ڕۆژووگرتن، وەئەگەر هەور بەر مانگی لێگرتن ئەوا سی ڕۆژەی مانگی شەعبان بژمێرن وپاشان بەڕۆژوو بن.

## شەشەم : واجبێتی هەبوونی نیەت

لە ڕۆژووی فەرزدا واجبە نیەتت هەبێت ئەویش پێش دەرکەوتنی فەجرە، لەبەر ئەم فەرموودەیە" " مَنْ لَمْ يُبَيِّت الصِّيَامَ مِن الليلِ فَلا صِيَامَ لَهُ "(صحيح النسائي) واتە: ئەو کەسەی نیەتی ڕۆژوی نەبێت پێش دەرکەوتنی فەجر ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵە. نیەتیش لەهەرکاتێکی شەودا دروستەو دەبێت بەمەرجێك پێش دەرکەوتنی فەجربێت.

وە نیەت ئیشی دڵەو لەدڵدا دەکرێت، دروست نیە بە زمان بوترێت، بەڵکو نیەتی ڕۆژوی هەبوو بەدڵ ئەوا بەسە وپێویست بە هیچی تر ناکات.

✵✵✵✵✵✵

## حەوتەم : کاتی ڕۆژوو

خوای گەورە سەرەتاو کۆتایی ڕۆژووی هەموو ڕۆژێکی بۆ دیاری کردووین، دەفەرمویێت :﴿ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّيْلِ ﴾[البقرة: ١٨٧]واتە: بخۆن و بخۆنەوە تا سپیایی ڕۆژتان بۆ لە تاریکی شەو ڕوون دەبێتەوە لە پاشان ڕۆژوەکەتان ببەنەسەر وتەواوی بکەن هەرلەگزنگەوە تا شەودێت وخۆرئاوا دەبێت.

**کەواتە ڕۆژوو** لە دەرکەوتنی فەجری دووەمەوە دەست پێدەکات و بە ئاوابوونی خۆر کۆتایی دێت، جا کاتێك فەجری ڕاستگۆ دەرکەوت – کەئەویش بریتیە لە سوراییەکی تیشك دەر لەبەرەی ڕۆژهەڵاتەوە بەسەر دۆڵ وشاخەکاندا دەردەکەوێت پاشان زیاددەکات و دەگاتە سەر ڕێگەوناو ماڵان، ئەم جۆرە فەجرە حوکمەکانی ڕۆژووی پێوە بەندە، بەبینینی ئەم جۆرە فەجرە ڕۆژووەوان دەبێت دەست هەڵبگرێت لە خواردن وخواردنەوە، ئەگەر بانگ ببیستێت یان نا.

بەڵام ئەگەر زانی کەوا بانگبێژ لەکاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆدا بانگ دەدات ئەوا لەسەری پێویستە لەکاتی بیستنی بانگدا واز لە خواردن و خواردنەوە بهێنێت.

وە ئەگەر هاتوو بانگبێژ پێش فەجری ڕاستگۆ بانگیدا ئەوا پێویست ناکات بە بیستنی بانگ واز لەخواردن و خواردنەوە بهێنرێت. بەڵام ئەگەر نەزانرا کە بانگبێژ کەی بانگ دەدات یان بانگبێژان جیاوازبوون یان نەتوانرا خۆت فەجر ببینیت بەهۆی ڕۆشنایی و بینا بەرزەکانەوە – وەك زۆرێك لە شارەکان- ئەوا هیچی تێدا نیە کەوا سەیری ئەو تەقویمە چاپکراوانە بکرێت کەکاتەکانی بانگی تێدا نووسراوە بەتەواوەتی و هەڵەی تێدانەبێت.

❖❖❖❖❖❖

## هەشتەم : بەتاڵ کەرەوەکانی ڕۆژوو

**بەتاڵ کەرەوەکانی ڕۆژوو چەند شتێکە کە بریتین لە:**

**یەکەم: جیماع:** ئەگەر ڕۆژووەوان لەڕۆژی ڕەمەزاندا جیماعی کرد ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، وە دەبێت تۆبەبکات وپەشیمان بێتەوە لەو کارەی کەکردوویەتی، وەپێویستە ئەو ڕۆژە بەقەزا بگێڕێتەوە، وەلەگەڵ قەزاکەیشدا دەبێت کەفارەت بدات کە ئەویش ئازادکردنی بەندەیەکە، ئەگەرنەبوو ئەوا دوومانگی لەسەریەك بە ڕۆژوو دەبێت، ئەگەر نەیتوانی ئەوا نانی شەست هەژار دەدات، بۆ هەر هەژارێکیش نیو صاع (دوو گوێل) لە گەنم یان جگەلەو لە خواردنی خەڵکی ئەو شوێنە.

**دووەم: خواردن و خواردنەوەی بەئەنقەست:** لە ڕێگەی دەمەوە بێت یان لووت، لەم کاتەدا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، ئیتر ئەگەر خواردنەکە سوودبەخش بێت یان زیان بەخش وەك: **جگەرەو حەشیش**، وەپێویستەلەسەری کە تۆبەبکات وپەشیمان بێتەوە، پاشان لەسەریەتی دواتر ئەو ڕۆژە بەقەزا بگرێتەوە.

**سێیەم: دابەزینی ئاوی مەنی لەکاتێکدا بەخەبەربێت:**(*) دابەزینی ئاوی مەنی بەهەر هۆکارێك بێت، وەك: ئاوهێنانەوە بەدەست، ماچکردن، دەستبازی، باوەش پێداکردن وهاوشێوەکانی، ئەمیش بەهەمان شێوە وەپێویستەلەسەری کە تۆبەبکات وپەشیمان بێتەوە، پاشان لەسەریەتی دواتر ئەو ڕۆژە بەقەزا بگرێتەوە.

---

(*) لای زۆربەی زانایان وایە.

**چوارەم: دەرزی موغەزی:** ئەو دەرزیەی کە جێگای خواردن بگرێتەوە، چونکە حوکمی خواردن وخواردنەوەی هەیە، بەڵام ئەو دەرزیەی کە تەنها بۆچارەسەرەو خۆراك نیە ڕۆژوو ناشکێنێ.

**پێنجەم: خوێن تێکردن:** بۆ نمونە ئەگەر کەسێك تووشی خوێن بەربوون بوو، ئەوا خوێنی تێدەکرێت وەکو قەرەبوویەك بۆ ئەو خوێنەی کە لێی دەرچووە.

**شەشەم: دەرچوونی خوێنی حەزو نیفاس:** ئەو ئافرەتەی کە دەکەوێتە حەیزەوەو یان تووشی زەیسانی دەبێت حەرامە لەسەریان ڕۆژوو بگرن تا پاك دەبنەوە. بەڵام خوێن بەربوون بەشێوەی سروشتی خۆی وەك خوێنی لووت بەربوون یان خوێن دەرچوون بەهۆی هەڵکێشانی ددانەوە ئەوا ڕۆژووەکەی ناشکێت.

**حەوتەم: خۆڕشانەوە بەئەنقەست:** بەڵام ئەگەر کەسێك بەبێ ویستی خۆی بڕشێتەوە ئەوا ڕۆژووەکەی ناشکێت، لەبەر ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : " مَنْ ذَرَعَهُ الْقَيءُ فَلَيْسَ عَلَيْهِ قَضَاءٌ ، وَمَنْ اسْتَقَاءَ فَلْيَقْضِ ".

واتە : هەر کەسێ ڕشانەوە زۆری پێ هێنا و ڕشایەوە قەزای ڕۆژووی لەسەر نی یە ، بەڵام کەسێك بە ئەنقەست خۆی ڕشانەوە با قەزای ڕۆژووەکەی بکاتەوە .

## نۆیەم : ئەو شتانەی کەبۆ ڕۆژووەوان حەلاڵن یان ڕۆژوو ناشکێنن

١- قوتدانی تف یان لیك: بەڵام بەڵغەم نابێت (بەئەنقەست)قووت بدرێت و دەبێت دەربکرێت.

٢- سیواك کردن: بەڵام ئەگەر بەهۆی سیواکەوە خوێن لە پوکی ددانەوە دەرچوو ئەوا دەبێت وورپای بێت و قووت نەدرێت.

٣- دەرچوونی مەزی: بەهەر هۆیەکەوە بێت ڕۆژووی پێ بەتاڵ نابێتەوە.

٤- بەکارهێنانی بۆنی خۆش: بەڵام مێخور باش نیە لەنزیکەوە بەلووت دووکەڵەکەی هەڵبمژرێت، چونکە دەگاتە گەدە.

٥- بەکارهێنانی فلچەو معجونی ددان: بەڵام دەبێت نەڕواتە گەرووەوە.

٦- بەکارهێنانی دڵۆپی (قطرة) گوێ ولووت و بخاخی ناودەم: بەکارهێنانی ئەم جۆرە چارەسەرانە هیچی تێدا نیە بۆ کەسی بە ڕۆژوو، لەسەر ڕاسترین ووتەی زانایان.

٧- بەکارهێنانی خەنەو کل دروستە.

٨- دەرکردنی ڕێژەیەکی کەم لە خوێن بۆ مەبەستی شیکاری نەخۆشی.

٩- تامکردنی خواردەمەنی: بەوەی کەبەسەر زمانی تامی بکات بۆ زانینی ڕێژەی سوێری و شیرینی ... هیچی تێدا نیە بەمەرجێك قووت نەدرێت.

١٠-ماچکردنی خێزان: ئەمەش بۆ ئەو کەسەی کە دەتوانێت بەسەرخۆیدا زاڵ بێت.

## دەیەم : سوود وقازانجەکانی ڕۆژوو

١- ڕۆژوو پەرستشێکە کە بەندە لە پەروەردگارەوە نزیك دەکاتەوە: ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە بەندە واز لە ئارەزووەکان و ئاکارەچێژ ئامێزەکانی خۆی دەهێنێت لە خواردن و خواردنەوەو چێژی هاوسەرێتی، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەوەوە ڕەزامەندی پەروەردگاری بەدەست بهێنێت.

٢- ڕۆژوو ڕاهێنانە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناخ و دەروون: باشترین ئامرازێکی شەرعیە کە موسڵمان بتوانێت بەهۆیەوە بەسەر نەفسیدا زاڵ بێت وفێری ئارامگری بکات و جڵەوی بگرێت و بەرەو خێروچاکە ئاراستەی بکات.

یەکێکی تر لە سوودەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە هۆکارێکە بۆ تەقواو لەخواترسان، وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ ﴾ [البقرة:] واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لەسەر فەرز کراوە هەروەکو چۆن لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوە فەرز کراوە بۆ ئەوەی لە خوا بترسن و خۆتان بپارێزن لە سزای خوا .

لە سوودەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە دەوڵەمەند ڕێزی ئەو نیعمەتەی خوا دەزانێت بەسەریەوە، بە هۆیەوە سوپاسی پەروەردگاری دەکات و، برا هەژارەکەی بیردێتەوە و یارمەتی دەدات بە سەدەقەو بەخشین.

٣- لە سوودەکانی ڕۆژوو چاك بوونی باری تەندروستی مرۆڤە بەهۆی کەمکردنەوەی خواردن و پشوودانی کۆئەندامی هەرس بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

٤- لە سوودەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە مرۆڤ ڕادەهێنێ و فێری ئارامگری و خۆڕاگری دەکات لەسەر برسێتی و تەحەمول کردن و دان بەخۆداگرتن لەسەر ناڕەحەتیەکان.

٥- لە سوودەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە خواپەرستی لەسەر ڕۆژووەوان ئاسان دەکات و بەردەوام لەناو کەشێکی ئیمانیدایە بە هۆی بە ڕۆژووبوون و قورئان خوێندن و زیکرو تەراویح و جۆرەکانی تری خواپەرستی لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بەندە خۆی بەدووردەگرێت لەتاوان و سەرپێچی وەك نەزەرو درۆو قسەی نابەجێ و غەیبەت و جۆرەها تاوانی تر.

٦- لە سوودەکانی ڕۆژوو ئەوەیە دڵ نەرم دەکات و دەیپچرێت لەو شتانەی کە سەرقاڵی دەکات.

٧- لە سوودەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە تیژی ئارەزوو(**شهوة**) کەمدەکاتەوە، بۆیە پێغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم) فەرمانی بە ڕۆژووگرتن کردووە بۆ ئەو گەنجانەی کە توانای ژنهێنانیان نیە !

١٠-لە سوودەکانی ڕۆژوو ئەوەیە خۆی بۆخۆی جۆرە سیستەمێکە و موسڵمان فێری ووردبینی دەبێت لەبارەی کات و پەیمانەوە، بۆیە لە ڕاستیدا بەرنامەیەکی لەبارە بۆ خۆگۆڕین بەرەوچاکە وبەهێزکردنی ویست وئیرادە، وە سیمایەکی هەرەگەورەیە لە سیماکانی یەکڕیزی ویەکپارچەیی ئیسلام و موسڵمانان.

## یازدەیەم: چەند ئاگاداریەکی پەیوەست بە ڕۆژوو

١- دەست پێشخەری کردن لەکاتی خۆرئاوابوون: لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرمویێت " لايَزالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الفِطْرَ "(متفق عليه) واتە: بەردەوام خەڵکی لەچاکەدان، تائەوکاتەی پەلە لەبەربانگیاندا دەکەن.

٢- بەربانگ کردنەوە بە خورما یان ئاو: لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە دەفەرمویێت" كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُفْطِرُ عَلَي رَطِابَاتٍ قَبْلَ أنْ يُصَلي ، فَإنْ لم يَكُنْ رَطِابَاتِ ، فَتَمْرات ، فَإنْ لم يَكُنْ تَمْرَاتٍ حَسَا حَسَواتٍ مِنْ مَاء "(رواه الترمذي وصححه الألباني) واتە: پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم) بەربانگی دەکردەوە بەچەند خورمایەکی تەڕ پێش ئەوەی نوێژبکات، جا ئەگەر خورمای تەڕ نەبووایە، بە هەر خورمایەکی تر بەربانگی دەکرد، بەڵام ئەگەر خورمای هەر دەست نەکەوتبایە چەند قومێك ئاوی دەخواردەوە.

٣- پاڕانەوە لەکاتی بەربانگدا: لەبەر ئەم فەرموودەیە " إنَّ لِلصَّائِمِ عِنْدَ فِطْرِهِ لَدَعْوَةٌ مَا تُرَدُّ "(ابن ماجة وصححه البوصيري) .واتە: ڕۆژووەوان لەکاتی بەربانگیدا پاڕانەوەیەکی بۆ هەیە کە هەرگیز ڕەدناکرێتەوە. وە ئەویش ئەم پاڕانەوەیە کەلە پێغەمبەرەوە هاتووە کە فەرموویەتی " ذَهَبَ الظَّمَأ وَابْتَلَّت العُرُوقُ ، وَثَبَتَ الأَجْرُ إنْ شَاءَ اللهُ "(رواه أبو داود وحسنه الدارقطني) واتە: تینوێتی نەماو قوڕگ تەڕبوو، پاداشتیشمان جێگیربوو بەویستی خوا.

٤- دواخستنی پارشێوو سوور بوون لەسەری: لەبەر ئەم فەرموودەیە" تَسَحَّروا فَإنَّ في السُّحورِ بَرَكَة "(متفق عليه) واتە: پارشێو بکەن چونکە لە پارشێودا خێرو بەرەکەت هەیە. وە دواخستنی پارشێو بۆ پێش فەجر سوننەتێکە زۆربەی خەڵکی وازیان لێهێناوە، بۆیە ڕەحمەت لەو کەسەی زیندووی دەکاتەوە.

( أنس ) ﷺ لە( زيد ) ی کوڕی ( **ثابت** ) ەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی " تَسَحَّرْنَا مَعَ النَّبِيِّ ﷺ ثُمَّ قَامَ إلى الصَّلاةِ ، قُلْتُ : كَمْ كَانَ بَيْنَ الأذانِ والسُّحُورِ ؟ قَالَ : قَدْرُ خَمْسِينَ آيَة "(متفق عليه) واتە : پارشێومان دەکرد لەگەڵ پێغەمبەردا پاشان هەستا بۆ نوێژ، ئەنەس دەڵێت لێم پرسی: نێوان بانگدان و نوێژکردن چەندی خایاند؟ فەرمووی نزیکەی پەنجا ئایەتی قورئان".

٥- وازهێنان و بەستنەوەی زمان وئەندامانی جەستە لە تاوان: لەبەر ئەم فەرموودەیە " الصِّيامُ جُنَّةٌ ، وإذا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أحدِكُم ، فَلا يَرْفَثْ ، ولا يَصْخَبُ ، فإنْ سَابَّهُ أحدٌ أو قاتَلَهُ فَلْيَقُل : إنّي امرُؤٌ صائم "[ أخرجه البخاري : ( ٤ / ٨٨ ) رقم : ( ١٩٠٤) ]

واتە: ڕۆژوو پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ، جا ئەگەر کەسێکتان بە ڕۆژوو بوو، باواز لە ووتەی پڕو پوچ بێنێ و هاوار نەکات ، وە ئەگەر کەسێك جوێنی بە یەکێك لە ئێوەدا یان شەڕی پێ گێڕا با بڵێ : من بەڕۆژووم .

پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویێت" مَنْ لَم يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالعَمَلَ بِهِ فَلَيْسَ للهِ ـ عز وجل ـ حَاجَةً أنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَه "(رواه البخاري) واتە: ئەگەر ڕۆژووەوان وازنەهێنێت لە ووتەی درۆو کردەوە

پێکردنی و ڕەفتاری نەفامیانە، ئەوا خوای بەتواناو گەورە پێویستی بەوە نیە واز لە خواردن و خواردنەوەکەی بێنێت.

٦- بەربانگ کردنەوە بە ڕۆژووەوان: لەبەر ئەم فەرموودەیە" مَنْ فَطَّرَ صَائِمَاً كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ ، غَيْرَ أَنَّهُ لا يَنْقُصُ مِنْ أَجْرِ الصَّائِمِ شَيْئًا "(رواه أحمد والترمذي وصححه)واتە: هەر کەسێ خواردن بدات بە ڕۆژووانێك لە کاتی بەربانگ دا ، وەکو پاداشتی ئەو ڕۆژووانەی دەست دەکەوێت بێ ئەوەی لە پاداشتی ڕۆژووانەکەی کەم بێتەوە .

٧- زۆر بەخشینی ماڵ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەخشندەترین کەس بوو، وەلە ڕەمەزاندا لە هەموو کات زیاتر بەخشینی زۆرتر بووە کاتێ کە جبریل ئەهات بۆلای قورئانی دەخوێندەوە.

٨- زۆر خوێندنەوەی قورئان: سوننەتە لە ڕەمەزاندا زۆر قورئان بخوێنرێت، چونکە مانگی قورئانە وەکو لەم ئایەتەدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِ﴾ [البقرة: ١٨٥] واتە: مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە(لە ڕەمەزاندا دەست بە ناردنی کراوە)، ڕێنمایی مەردم دەکات بۆ گشت کارێکی چاك و چەندین بەڵگەو نیشانەی زۆر ڕوونی تێدایە بۆ شارەزای ڕێی حەق، و جیاکردنەوەی ڕاست وناڕاست.

وە جبریل (عليه السلام) هەموو ڕۆژێکی ڕەمەزان قورئانی بە پێغەمبەر دەخوێندەوە، وە هەروەها پێشینە چاکەکانی ئەم ئومەتە لە ڕەمەزاندا قورئان خوێندنیان پێش هەموو پەرستنەکانی تریان دەخست.

٩- نوێژی تەراویح: سوننەتە نوێژی تەراویح بە کۆمەڵ بکرێت لە ڕەمەزاندا، لەبەر ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت" مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ "(متفق عليه) واتە: ئەوەی لە ڕەمەزاند هەستێت بۆ نوێژکردن وباوەڕی پێ هەبێت و چاوەڕێی پاداشت بکات، ئەوا خوا لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

١٠-مانەوە لە مزگەوت بۆ خواپەرستی: پێغەمبەری خوا لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا لە مزگەوت دەمایەوە بۆ خواپەرستی، بەڵام ئەو ساڵەی کە تێیدا وەفاتی کرد بیست شەو مایەوە، وە لەسەر ئەو کەسە پێوسیتە کە دەمێنێتەوە سەرقاڵ بێت بە یادی خوا لە نوێژو قورئان خوێندن و زیکرو پاڕانەوە، چونکە مەبەست لە (إعتكاف) بریتیە لە خۆتەرخانکردن بۆ خواپەرستی، وە بەتاڵ کردنی دڵ ودەروون لە سەرقاڵی دونیایی.

١١- زیندووکردنەوەی شەوی قەدر: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت" تَحَرَّوا لَيْلَةَ القَدْرِ فِي ( الوترِ مِن) العَشْرِ الأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَان"(متفق عليه) واتە: لە تاکەکانی دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا بگەڕێن بە دوای شەوی قەدردا.

وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەم دە شەوەدا زیاتر تێدەکۆشی و هەوڵی دەدا لە بارەی پەرستشەوە.

وە هانی خەڵکیشی داوە بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم شەوە بەرێزەو فەرموویەتی"" مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنبِهِ "(متفق عليه) واتە : هەر کەسێ شەوی قەدر زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕێی پاداشتی خوا بێ ، خوا لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێ .

وە زیندوو کردنەوەی شەوی قەدر بریتیە لە شەونوێژو قورئان خوێندن وزیکرو پاڕانەوەو تۆبەو داوای لێخۆشبوون کردن، وە لە دایکە عائیشەوە( ڕەزای خوای لێبێت) ڕیوایەت کراوە کە دەڵێت: ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر زانیم چ شەوێك شەوی قەدرە، ئەوا چی بڵێم لەو شەوەدا؟ ئەویش فەرمووی: بڵێ: " اللهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي " (الترمذي وقال حسن صحيح)واتە: خوایە تۆ لێبوردەیت و لێبوردنت خۆش دەوێت لێم ببورە.

١٢- عومرە کردن لە ڕەمەزاندا: ئەویش لەبەر ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت" عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَعْدِلُ حَجَّةً – أو قال– حجة معي" (رواه البخاري) واتە: عەمرەیەك لە ڕەمەزاندا بەرامبەرە بە حەجێك. لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە دەفەرموێت" بەرامبەرە بە حەجێك لەگەڵ مندا".

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِين، وصَلَى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّد، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم.

=====================


## ماڵپەڕی بەهەشت

**www.ba8.org**

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

===================================

﴿وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾

**برا و خوشکی موسڵمانی خێرخواز :**

**زۆرێك لە کتێب و نامیلکەکانی ماڵپەڕی بەهەشت چاپ دەکەین و لە شار شارۆچکەکانی کوردستان بڵاودەکەینەوە گەر تۆش دەتەوێت بەشداری بکەیت لەم خەیرەدا دەتوانی پەیوەندیمان پێوە بکەی ٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨**